ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

ئەفسانەی پێکدادانی کولتوورو شارستانیەتەکان

نزیکەی پازدە ساڵێکە تیورەی ململانێ‌وپێکدادانی شارستانییەتەکان لەناوەندە کولتووری‌ودینی‌و سیاسییە راستڕەوو کۆنە پارێزەکاندا رەواجێکی تایبەتی هەیە، لەدوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەریشەوە ئەم رەواجە لەپێکدادانی نێوان ئایدۆلۆژییەکان نابێت، بەڵکو دەبێتە ململانێ‌و پێکدادانی نێوان کولتوورو شارستانییەتەکان لەگەڵ یەکدا. چەقی قورسایی ناکۆکییەکان لەناکۆکی ئایدۆلۆژییەوە دەگواسترێتەوە بۆ ناکۆکی کولتووری‌و شارستانی، بەپێی ئەم تیورەیە جەوهەری کولتوورو شارستانییەت جەوهەرێکی دینییەو ئاین ماهیەتی شارستانیەتەکان دەست نیشان دەکات، بۆیە پێکدادانەکانی جیهانی دوای جەنگی سارد دەبێتە پێکدادانی نێوان دینەکان، یان دین دەبێتە گرنگترین هۆکاری ململانێ‌و پێکدادان، خاڵی سەرەکی ئەم نەخشە تیۆرییەش پێکدادانی نێوان ئیسلام‌وڕۆژئاوایە. ئاشکرایە زانای سیاسی ئەمەریکی ساموێل هینتینگتۆن خاوەنی ئەم تیورەیەیە، بەڵام دەکرێت ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بدەینە پاڵ کەسانی وەك ئوسامە بن لادن‌وئەیمەن زەواهیری‌و سەدام حوسەین‌و کۆی ئەو کولتوورو ئاینگەرایانەی تریش کە جیهان بەشاقوڵی لەنێوان دین‌و کولتوورەکاندا بەش دەکەن‌و لەنێوانیشیاندا جەنگێکی بێکۆتایی پێشنیار دەکەن.

دەستەواژەکانی وەك "جەنگ‌و غەزووی کولتووری"و "هێرشی سەلیبی"و"ناکۆکی نێوان غەرب‌و ئیسلام"و "رەسەنایەتی بەرامبەر بەئەمەریکاییبوون"و"جیهاد بەرامبەر بەماکدۆناڵدز"و چەندانی تریش لەو دەستەواژانەن کە لەژێر پاڵتۆی ئەم تیورەیەوە دێنەدەر، یان بەو ئاقاری بیرکردنەوەیەدا دەڕۆن کە ئەم تیورەیە پێشنیاری دەکات.

بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی‌و پراکتیکی نیشانیداوە کە کێشەکانی جیهانی دوای جەنگی سارد کێشەی دینی نین‌و ئەو خوێنەی لەدوای جەنگی ساردەوە رژاوە خوێنێك نییە بەشی هەرەزۆری هێزە دینییەکان رشتبێتیان یان بۆهۆکاری دینی رژێنرا بێت، جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکە ٢٦٧ کێشەی ئەتنی‌ونەتەوەیی تێدایە، لەوانە تەنها ١٠٥ کێشەیان هۆکارەکانیان تێکەڵێکە لەهۆکاری دینی‌و ئەتنی‌و ناسیۆنالیستی، واتە هەر لەئەساسەوە لە١٦٢ کێشەدا دین هیچ رۆڵێك نابینێت، لەو ١٠٥ کێشەیەشدا تەنها هۆکاری ١٢ کێشەیان بۆ جیاوازی دینی دەگەڕێتەوە، ٢٨یان دین هیچ رۆڵێکی تێدا نابینێت‌و ٦٥کێشەکەی تریشیان دین رۆڵێکی لاوەکیان تێدا دەگێڕێت.

بەکورتی هۆکاری بەرپا بوونی بەشی هەرەزۆری ململانێکانی جیهانی دوای جەنگی سارد، بەپێچەوانەی تیورەکەی هینتینگتۆنەوە، دین نییە، بەڵکو هۆکاری سیاسی‌وئەتنی‌و نەتەوەییە.

لەگەڵ ئەم راستیانەشدا هێشتا زۆرن ئەو ناوەندە کۆنەپارێزو توندڕەوانەی چ لەڕۆژئاواوچ لەدەرەوەی ڕۆژئاوادا، بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە باوەڕیان بەم تیورەیەیە وەك ئامرازێکیش بۆ تێگەیشتن لەکێشەو ململانێکانی جیهانی هاوچەرخ بەکاری دەهێنن، بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییە راستڕەوەکانی ئەوروپاوژمارەیەکی زۆر لەنووسەرو رۆشنبیرە دۆگماو سادەگۆو کۆنەپارێزەکانیش بەرگری لەم تێزە دەکەن‌و لەگەڵ هەموو رووداوێکدا باس لەراستی‌و دروستی ئەو تیورەیە دەکەنەوە. لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەشی هەرە زۆری هێزە دینیەکان‌وناسیۆنالیستە توندرەوەکان‌و رۆشنبیرو خوێندەوارە کولتوورگەراکان‌و ئەوانەش کە بەهەق‌وناهەق لەغەرب دەخوێنن، لەموستەهلیکە گەورەکانی ئەم تیورەیەن، سەری زمان‌و بنی زمانی ئەم هێزانە باس کردنی مەترسی هێرشی کولتووریی‌و لەدەستدانی رەسەنایەتییە، تەماشا کردنی جیهانە وەك کۆمەڵێك یەکەی کولتووری داخراو، لێرەوە لەنێوان ئیسلام‌و دەرەوەی ئیسلامدا، لەنێوان کولتووری خۆماڵی‌و کولتووری غەزوکەردا، لەنێوان رەسەنایەتی‌و خواستندا ناکۆکییەکی چارەهەڵنەگر پێشنیار دەکەن کە دەگاتە ئاستی پێکدادان. لەڕاستیدا شوناسی سیاسی ئەم هێزانە شوناسێکە لەسەر کۆمەڵێك پێناسەی کولتووری داخراو بینا کراوە کە دین یان مامەڵەیەکی دینی کولتوور بەڕێوەی دەبات. سەرچاوەی دروست بوونی کێشە سیاسی‌و نەتەوەیی‌و ئەتنی‌وکۆمەڵایەتییەکان بۆ لادان لەدین‌و لەجەوهەری کولتوور دەبەنەوەو چارەسەرەکەشی لەگەڕانەوەدا بۆ جەوهەری دین‌و جەوهەری کولتوور دەبینن، بەم کارەشیان رێگرێکی گەورەن لەبەردەم تێگەیشتن لەکێشەکانی جیهانی ئەمڕۆو لەدۆزینەوەی رێگا چارە بۆ چارەسەر کردنیان.

بێگومان ئەو هێزەی کە لەم پێداگرتنە پەرگیرەدا لەسەر کولتوورو دین‌و شارستانیەتی تایبەت براوەیەو سودو قازانجێکی گەورەی دەست دەکەوێت هێزە کۆنە پارێزو راستڕەوەکانی رۆژئاوان. ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی کێشەکانی جیهان بەبێ رۆژئاوا چارەسەر نابن. لەکێشەی هەژاری‌و نەخۆشی‌و ژینگەو مەترسییە گەردوونییەکانەوە بیگرە، بۆ مەسەلەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی‌و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم‌و راگرتنی ئاشتی جیهانی‌و مەسەلەی بەدیموکراسیبوون‌و زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە، تیورەی پێکدادانی شارستانیەتەکان داوا لەهێزەکانی رۆژئاوا دەکات خۆیان لەبەرامبەر ئەو شارستانیەتە دوژمنکارو بەربەریانەدا بەهێز بکەن‌و بپارێزن کە لەدەرەوەدا بوونی رۆژئاوا دەخەنە مەترسییەوە، لەپاڵ ئەم خۆ بەهێز کردن‌و خۆپاراستنەدا داوا لەڕۆژئاوا دەکەن واز لەو شارستانیەتانە بهێنێت لەناو بەربەریەتی خۆیاندا بژین‌و هیچ هەوڵێکی گۆڕان‌و هاریکاری‌و کاری پێکەوەبیان لەگەڵدا نەدات، هینتینگتۆن پێیوایە مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ، دەوڵەتی دیموکراسی، حوکمی یاسا کۆمەڵێك شتی رۆژئاواییین‌و بۆ هیچ شوێنێکی دیکە دەست نادەن. تیورەی پێکدادانی شارستانیەتەکان تەنها لەوێدا داوا لەڕۆژئاوا دەکات خۆی بەدنیای دەرەوەی خۆیەوە خەریك بکات کە ئاسایش‌و سەلامەتی رۆژئاوا دەکەوێتە مەترسییەوە، بەمانایەکی دیکە تەنها بەلۆژیکی جەنگ لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بجولێتەوە، ئاشکرایە نەتەوەپەرستە توندرەوەکان‌وهێزە دینییە ئوسولییەکان‌و رۆشنبیرە راستڕەوەکانی جیهانی ئێمەو دراوسێکانمان ئەم بۆچوونانە لەگەڵ هینتینگتۆندا بەش دەکەن. کەم نین ئەو هێزە دینییانەی کە رێك وەك هینتینگتۆن دەڵێن دیموکراسیەت‌و ئیسلامیان پێکەوە نەگوتووە، یان ئیسلام پێویستی بەدیموکراسیەتی غەربی نییە، یان ئەوانەی دەڵێن بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ بەیاننامەیەکی غەربییەو بەکەڵکی ئێمە نایەت، یان ئەو هێزانەی کە دەوڵەتی یاسا بەهاوردە دەزانن‌و لەباتی ئەوە باس لەدەوڵەتی شەریعەت‌و دەوڵەتی ئیسلام‌و دەوڵەتی سەرکردە بلیمەتەکان دەکەن، یان ئەوانەی دەڵێن عەلمانییەت کێشەی مێژوویەکی دیکەیەو پەیوەندی بەمێژووی ئێمەوە نییە.

خۆشحاڵانە تەمەنی رەخنە کردنی ئەم تیورە کولتوور گەراو راستڕەو سادەیە بەقەد تەمەنی تیورەکە خۆی دەبێت، رەخنە گرانی ئەم تیورەیە رێك پێچەوانەی بۆچوونەکانی هینتینگتۆن دەسەلمێنن، لەوانە ئاشکرا کردنی ئەو راستییەی کە بەشێکی گەورەی پەیوەندی نێوان شارستانیەتەکان پەیوەندی هاریکاری‌و کارلێك‌و کارلێکی پێچەوانەیە، نەك جەنگ‌و پێکدادان. ململانێ‌وشەڕی نێوان پارچە جیاوازەکانی یەك شارستانییەت هەمیشە لەشەڕەکانی ئەو شارستانییەتە لەگەڵ دەرەوەیدا گەورەتر بووە، جەنگی یەکەم‌و دووەمی جیهان نموونەی جەنگە ناوخۆییەکانی شارستانیەتی رۆژئاوایە لەگەڵ‌خۆیدا، یان جەنگی عەرەب لەناو خۆیاندا، یان جەنگی دوو وڵاتی موسڵمان لەگەڵ یەکدا وەك جەنگی عێراق‌و ئێران. لەلایەکی دیکەوە ئەم تیورەی هینتینگتۆن بەشێکی گرنگی ئەو دەزگا فرە کولتووری‌وفرە دەوڵەتی‌و فرە شارستانیەتانە پشت گوێ دەخات کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەدروست بووندان، لەدەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بیگرە، بۆ ئەو هەزاران هەزار دەزگا نادەوڵەتیانەی کە ئەمڕۆ لەبەشە جیاجیاکانی جیهاندا کەسانی سەر بەکولتوورو شارستانیەتی جیاواز کاری تێدا دەکەن.

سەرەڕای ئەم رەخنانە کێشەی ئەم تیورەیە لەوەدایە کە توانای هەیە لەشوێنی جیاوازدا هێزی جیاواز لەخۆی کۆبکاتەوە، لەکوردستاندا نوسخەی کوردی هینتینگتۆن دروست بکات، عەرەبەکان نوسخەی عەرەبی ئەم پیاوە سادەگۆو راستڕەوەیان هەبێت‌و فارسەکانیش تێزەکانی لەبەرگێکی دینیدا دووبارە بکەنەوە، نەوەکانی هینتینگتۆن لەهەر شوێنێك بن دوژمنی یەکەمی دیموکراسی‌و مافەکانی مرۆڤ‌و یەکسانی نێوان نێرو مێ‌و دەوڵەتی یاساو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌وکرانەوەن، ئەوان کۆی ئەم دەسکەوتە ئینسانییە گەورانە بەناوی غەربیبوونەوە رەت دەکەنەوەولەباتی ئەوان کۆمەڵێك حیکایەتمان لەسەر رەسەنایەتی‌و خۆماڵیبوون‌و بەگژاچوونەوەی غەربزەدەگی پێدەفرۆشن.

تکایە ...ئەو ژەهرە لە ناو ئێمەدا مەکێشە
www.komak.nu
MZ

رۆشنبیران پێیانوایە پەرلەمانی پێشوو کەم دەسەڵاتو تاڕادەیەك ئیفلیج بووە

"نابێ پەرلەمانی تازە چۆك دابدات بۆ مەکتەبی سیاسی حزبەکان"

ئا: هاوڵاتی

رۆشنبیرانی کورد لەسەر ئەزموونی پەرلەمانی کوردستان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پێیان وایەکە پەرلەمانی رابردوو خاوەنی دەسەڵات بووە، بەڵکو رەنگە هەندێ هۆکار هەبووبن وایکردبێت نەتوانێت، وەك پێویست مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات. بەڵام هەندێکی تریان، بەئەزموونێکی سەلبی ناودەبەن‌و خۆشحاڵن بەوەی" رزگارمان بووە لەو پەرلەمانە رزیوە". دەربارەی پەرلەمانی داهاتووش هەندێکیان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە یەکنەگرتنەوەی چوار وەزارەتی (پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی، داد) کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانەو داخستنیشی ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

کاوە محەمەد سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ ئەوە باس دەکات کەپەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە هەڵبژێردراوە تاخاوەنی دەسەڵاتی راستەقینەی خۆی بێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کەپەرلەمانی رابردوو خاوەنی دەسەڵات نەبووە، بەڵکو رەنگە هەندێ هۆکار هەبووبن کەوایلێکردبێت نەتوانێت وەك پێویست مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات، ئێستاش هەموو حزبە کوردستانییەکان بڕیاری ئەوەیان هەیە کەپەرلەمان خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بێت‌و ئەویش بڕیارەکان لەبەرژەوەندی خەڵکدا دەربکات، هەرچەندە ئاسان نییە لەماوەیەکی کورتدا ئەو پەرلەمانە بتوانێت هەموو بڕیارێك بدات‌و لێپێچینەوە لەهەموو مەسەلەکان بکات، لەهەموو حاڵەتەکانیشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد کۆکە لەسەر ئەوەی پەرلەمان رۆڵی تەواوی خۆی بگێڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆری ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانتارەکان بەوەی بتوانن بەڕاستی رۆڵی خۆیان ببینن.

کاوە محەمەد دەڵێ "بەراستی غەدرێکی گەورە لەپەرلەمانی پێشوو دەکرێت ئەگەر بووترێ بێدەسەڵات بووە، بەڵام ئەویش وەك هەر دامەزراوێکی دیکە کەوتۆتە بەر لێشاوی ئەو باردۆخەی لەناوخۆدا دروست بوو، ئێستاش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهیچ جۆرێك خۆی لەپەرلەمان بەگەورەتر نازانێت‌و بڕیاری ئەوەشی هەیە پەرلەمان خاوەنی دەسەڵات بێت".

سەرنووسەری کوردستانی نوێ داخستنی تێکەڵکردنەوەی هەندێك لەوەزارەتەکان بەکەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو پەرلەمانە نازانێت، بەڵکو بە"واقیع بینیی لەسیاسەتدا" ناودەبات‌و داوادەکات ئەوپەڕی شەفافیەت لەپەرلەمانی داهاتوودا پیادە بکرێت.

رەئوف رەباتی بەرپرسی ناوەندی رۆشنبیری‌و راگەیاندنی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە روون دەکاتەوە پەرلەمانی پێشووی کوردستاندا هەرچەندە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوبوو، بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجەی ئەو کاتە لەئارادابوو نەیتوانیوە وەك دەزگایەکی یاسادانەری بێلایەن رۆڵی خۆی ببینێت، کەئەمەش دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو هەم خراپی هەلومەرجەکەو هەم ئەکتیڤ نەبوونی هەندێ لەپەرلەمانتارەکان، ئەو پەرلەمانتارانەش کەئێستا متمانەی خەڵکیان وەرگرتووە سوودمەنددەبن لەمێژووی کارکردنی پەرلەمانتارەکانی پێشوو.

رەئوف رەباتی پێی وایە پەرلەمان دەبێت دەزگایەکی یاسادانەری بێلایەن بێت‌و سیماو سروشتی دەزگایەکی هاوچەرخی هەبێت، لەمەشدا ئەرکی هەرە سەرەکی چاودێریکردنی حکومەتە کەدەبێ لەم بوارەدا زۆر ئەکتیڤ‌و جەسوور بێت‌و هەموو کەسێك لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت، بخاتە ژێر چاودێرییەوەو ئەوانەی کەنیازیان هەبێت یاری بەداهاتی کوردستان‌و مافی گشتی‌و مافە تاکەکەسییەکان بکەن پەرلەمان متمانەی لێوەربگرێتەوە لەبەرئەوەش کەپەرلەمانتارەکان نوێنەرانی راستەقینەو هەڵبژێردراوی خەڵکن، دەبێ سەیری ئەو دەزگایە بکرێت وەك ناوەندێك کەلەسەروو حزبەوەیەو نابێ پەرلەمان چۆك دابدات بۆ مەکتەبی سیاسی حزبەکان، من پێشبینی دەکات ئەم پەرلەمانە زیاتر روو بەرووی پرسیاری خەڵك دەبێتەوە، هەرچەندە ئەوەش باس دەکات دەبێ چاوەڕوانی رۆژەکانی داهاتووبین بۆ زیاتر تێگەیشتن لەتواناکانی ئەم پەرلەمانە.

رەئوف رەباتی دەڵێ "یەکێك لەخەسڵەتەکانی پەرلەمان کەپێشتر تیاماندا نەدەبینی، شەفافیەتی ئەو پەرلەمانایە بەو مانایەی بتوانرێت دانیشتنەکانی بۆ خەڵك ئاشکرابکات، دەبێ خەڵك مافی هەبێت ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بێت‌و مافی گفتوگۆی هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك هەست بکات کەئەو پەرلەمانە پارێزەری ماف‌و ئازادییەکانیەتی، ئەگەر ئەمانەش نەکرا ئەو کات خەڵك لەهیچ شتێکدا ئازاد نەبێت لەدەنگداندا ئازادەو ئەگەر ئێستا ئەم پەرلەمانە کاری چاك نەکات ئەوا جارێکی تر متمانەی خەڵك بەدەست ناهێنێ، هەرچەندە بڕوام وایە پەرلەمانی داهاتوو کۆمەڵێك کاری باش بکات، چونکە هەم ئیدارەکە یەکگرتووەو هەم پەرلەمانیش دەنگی جیاوازی تێدایە".

سەردار عەبدوڵا رۆژنامەنووس ئەوە باس دەکات کەلیستی هاوپەیمانی کوردستان زۆرینەیەکی ئێجگار گەورەی لەپەرلەماندا بەدەستەو دەتوانێ هەموو بڕیارەکان تێبپەڕێنێت، لەکاتێکدا ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان خولێکی زۆر چارەنووسسازە بەوەی بتوانێت کوردستان بگوازێتەوە لەدەسەڵاتی میلیشیاو حزب‌و کوردستان بەدەزگای نەتەوەیی‌و گورەییەکانیەوە کەناکرێ هیچ دەزگایەکی لێ بەدەربکرێت، هەرچەندە ئێستا ئیرادەی سیاسی یەکگرتووە، بەڵام دەبێ ئەمە وەربگێڕێتە سەر ئەرزی واقع، لەمبارەیەوە دەڵێ "ئەرکی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەندامەکانیشی ئەوەیە پێش هەموو شتێك راستگۆبن لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقی‌و سیاسی‌و نیشتمانییەی لەسەر شانیانەو ئەو بەڵێنانەی پێش هەڵبژاردن داویانە جێبەجێی بکەن‌و بەرپرسن بەرامبەر خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی ئەو خەڵکە سەرباری هەموو نارەزایەتییەکان‌و سەرباری خراپی ئیداری‌و ئەوپەڕی بێزاری زۆر مەسئولانە بەشداریان کرد، زۆر گرنگە پەرلەمانی کوردستان زەمینەسازی بکات بۆ یەکخستنەوەی هەموو دەزگاکانی کوردستان‌و هێزە چەکدارەکان لەژێر سایەی دەزگایەکی نەتەوەیی سەرتاسەریدا یەکبخاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەگەر یەکێتی‌و پارتی بەیەکەوە دانەبەزین لەلیستێکدا کەسیان نەتوانێت ئەنجامەکان قبوڵ نەکات، ئەگەر قبوڵیشیان نەکرد کەسیان نەتوانێت پەنا بەرێتە بەر چەك‌و بەڵکو بەشێوەی یاسایی مەسەلەکان چارەسەر بکرێن، دەبێ پەرلەمانی کوردستان هێزە چەکدارەکان چەك بکات بەو مانایەی لەجیاتی ئەوەی حزبێك خاوەنی هێزی چەکدار بێت ئەو هێزە هێزێکی نیزامی چەکدار بێت تاکەس نەتوانێت شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنێتەوە".

سەردار عەبدوڵا ئەوە دەخاتە روو کەمەسەلەی یەکگرتنەوە بەبڕیار نییەو ئەو دوو هێزە سەرەکییەی کوردستان هەندێ شتیان هەیە دەستبەرداری نابن، ئەوەش بەکێشە نازانێت کەبۆ ئەوەی یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە بێت بۆ ماوەیەك دەرفەت بدرێت هەندێ وەزارەت کاتێکی تر یەکبخرێنەوە هەرچەندە مانەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی زۆر ئاسایی نییە، چونکە ئەو وەزارەتانەی تێکەڵ نەکراون وەزارەتی سیادین‌و هەر دواخستنێك ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

ئالا تاڵەبانی بەرپرسی ناوەندی بەهێزکردنی توانای ژنان ئەوە باس دەکات کەهیچ پەرلەمانێکی دنیا بەقەد ئەم پەرلەمانەی ئێمە تەمەن درێژ نەبوو کەتائێستاش بەساوا ناوی دەبەین، لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان دەستپێشخەرییەکی گەورە بوو، بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجەی لەکوردستاندا هاتە ئاراوە وایکرد لەو ئەزموونە بێ ئومێدبین، ئەو پەرلەمانەی پێشوو بۆشاییەکی زۆری هەبوو زۆر دووربوو لەخەڵکەوە، ئێستاش ئەم پەرلەمانە نوێیەش کەمێك هیوامان دەداتێ، بەڵام کاتێك ئومێدی تەواومان ئەبێت کەئەو پەرلەمانە خاوەنی دەسەڵات بێت‌و نوێنەرایەتی خەڵك بکات‌و ببێتە چاو بەسەر حکومەتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ "من کاتێك دان بەو پەرلەمانەدا دەنێم سەرپێچییەك لێپرسینەوە لەسەرۆکی حکومەت‌و وەزیرەکان بکات، نەك وەك ئەوەی پەرلەمان هەیە بەڵام بۆی نییە دەست بخاتە کاری حکومەتەوە".

ئالا تاڵەبانی ئەوە روون دەکاتەوە کەهێشتا پەرلەمان دانەنیشتووە کەچی دیاریکراوە کێ دەبێتە سەرۆکی حکومەت‌و حکومەتەکە چۆن دەبێت، هەروەها پێی وایە یەکنەگرتنەوەی چوار وەزارەتە گرنگەکەش بۆخۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانە، بۆ ئەمەش دەڵێ "بازۆر رەشبین نەبین‌و بوار بدەین، گرنگترین کار ئەوەیە رزگارمان بوو لەو پەرلەمانە رزیوەی پێشوو، ئەگەر ئەم پەرلەمانەش وەك ئەوەی پێش خۆی بوو بابیبینە هێزی فشار لەسەری".

ئەبوبەکر عەلی نووسەرو روناکبیر دەربارەی پێکهاتەی پەرلەمانەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێکهاتەو شێوەی پەرلەمانەکە خۆی لەخۆیدا وەڵامی ئەوە دەداتەوە کەئەو ناوەندە ناتوانێت خاوەنی دەسەڵاتێکی تەواو بێت، بەوەی مەحکومە بەهەندێ چوارچێوە، چونکە یەکێك لەلیستەکان زۆرینەی هەرە زۆری پەرلەمانی لەدەستدایە، ئەم لیستەش لەسەر رێکەوتنێکی پێشوەختی حزبەکان‌و دابەشکردنی رۆڵەکان پێك هاتووە، مەبەستی سەرەکی لەم پەرلەمانە کەوەك قۆناغێکی راگوزەرە بۆ ئەوەیە شەرعیەت بدرێت بەو بڕیارانەی پێشتر حزبەکان داویانە.

ناوبراو پێیوایە ئەم پەرلەمانە لەوەی پێش خۆی شەرعیترو زیندوو تر دەبێت، بەڵام هێشتا پەرلەمانێکی راستەقینەو نموونەیی نابێت، دەکرێ ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانی داهاتوو بریتی بن لەیەکخستنەوەیەکی راستەقینەی دوو ئیدارەکەو رووپۆش کردنی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەی تواناکانی کورد لەدەرەوە لاواز دەکەن.

سەرکەوتنی ئەم پەرلەمانە لەلای تریفە عەلی رۆژنامەنووس بەستراوە بەو دەسەڵات‌و پۆستە سیادیەی لەبەغدا دەدرێت بەکورد، ئەمە جگە لەوەی یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکە رۆڵی تەواو دەگێڕێ لەسەر خستنی ئەزموونی ئەم پەرلەمانە نوێیەو دەبێ لەمەشەوە دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی‌و شارەزایی بێت.

پەرلەمانی کوردستان زەروورەتێکی سیاسی‌و هۆشیاری نەتەوایەتی نەیهێناوەتە ئاراوە هێندەی لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتییەکی سیاسی پێك هاتووە، ئەگەر لەبەغدا یەکێك لەپۆستە سیادییە گەورەکان بەکورد درا ئەوکات پەرلەمانی کوردی خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاتر دەبێت.